# له وڵاتی تاوانبارانەوە بۆ وڵاتی قوربانیان

عەلی مەحمود محەمەد

هەموو سیاسییەك, سەركردەیەك, تەنانەت سستەم و حوكمڕانیەك ڕۆژی ڕوتكردنەوەی دێت, پۆشاكی تەلیسم و پیرۆزی لەبەر بكرێتەوە, چۆنە ئاوا نمایش بكرێت, پێویستە سیاسیەكانی كوردیش ڕوت بكرێنەوە لە بەردەم دادوەری, ئەوەی كردویانە لە وێنای ئەوانەوە نمایش بكرێن, پێویستە هەموویان وەك خۆیان بە ڕوت و قوتی ببینین, تا بزانین ئەمانە لە دنیای ڕاستیدا چۆنن.

تۆڵە لە مێژوو

چۆن 3ی ئابی 2014 بۆ كوردستان, مێژوویكی جیای لە ڕابردووی بە دنیا بەرهەم هێنا, لە پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئێزیدییە كوردەكان و پێكهاتە ئاینیەكانی دی لەناو خۆی كۆمەڵگای كوردستان, ئیتر لەو مێژووە بەدواوە داگیركردنی خاك و كوشتن و كۆیلەكردنی ژنانی ئێزیدی و غەیرە موسڵمانان بۆ پیاوانی موسڵمانی كورد, پیرۆزیی و ڕەوایی نەما, بۆتە شەرمەو نەنگی, لایەنگرانیشی ناوێرن بە ئاشكرا ئیدعای پیرۆزی بۆ بكەن, تەنانەت كەوتونەتە بەر داگای مێژوو, لە ئاستی جیهانیش كوشتنی جۆرج فلۆید لە 25ی ئایاری 2020 لە شاری مینیابۆلیسی ئەمریكا, مێژووی پێنج سەدەی ڕابردووی ڕۆژئاوای هەڵتەكاند, 25ی ئایار كودەتایەكی شۆڕشگێڕانە بوو بەسەر مێژوودا, ئەمە سەرەتایەكە بۆ پێداچونەوە بە ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی نوێی پیرۆزی ورەوایەتیەكانی ڕابردوو, تەواو ڕۆژئاوای ڕوت كردەوە, هەموو ناشرینیەكانی خستە بەردەم خەڵك, لە 16ی حوزەیران لەگەڵ دوا بڕیار لەسەر دادگایی ئەفسەری پۆلیس دیریك شۆفین, یەكجاری سستەمی دادوەری و وڵاتی خەونی ئازادی ڕوت دەكرێتەوە, دیاردەی جۆرج فلۆیدەكان لە كات و شوێنی جیای جیهان بەردەوام دەبن, بە كۆیانەوە مێژوویەكی نوێ بۆ مرۆڤایەتی دەنووسرێتەوە, مرۆڤانەتر و ڕاستتر لەو مێژووەی كە تا ئێستا دەسەڵاتداران نوسیویانەتەوە, مێژوویەك هیچی لەبەردا نەبێت ڕوت و قوت و بێ جوانكاری درۆزنانەی دەسەڵاتداران. كوشتنی جۆرج فلۆید, بووە فاكتەر بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ڕابردووی سستەمی كۆیلەداری و داگیركاری بكرێتەوە, لە لوتكەی ئەمانەشدا ڕۆڵی كەسە مێژوویەكان لەو تاوانانە دیاریكرا, كە لای ڕۆژئاواییەكان هێمای سەروری بوون, هەموویانی خستە ژێر پرسیارەوەو ڕوتیانی كردەوە, هەموو ئەو مۆنمێنت و پەیكەرانەی پەیوەندییان بە ڕەگەز پەرستی و كۆیلەدارییەوە هەبوو, لە ناكاودا هەمووخۆیان لەناو زبڵدانەكان بینییەوە, تەنها لە بەریتانیا 60 پەیكەر دیاریكرا بۆ شكاندن, لە بەرامبەردا ڕستگەرا نەتەوەییەكان وەك نایجل فاراج دژ بەم كارە وەستایەوە و ڕایگەیاند ئەوانە ئینتمایان بۆ بەریتانیا نییە, لە ئەمەریكاش بە بەهانەی ئینتیماوە دژ بە بزووتنەوەكە وەستایەوە.

ئەفلاتون و ئەرستۆ دوو ناوە گەورەكەی فەلسەفەو ڕۆشنبیری كۆیلەداریان پیرۆز كردووە, بۆیە دەكەونە بەر تیغی مێژووە نوێكەو ڕزگاریان نابێت, گاندی سەر بە چینی براهما بووەو باوەڕی بە سستەمی كاستاتی هیندۆسی هەبوو, چەندە ئاشتی خواز بێت, چەندە ڕوت و قوت و لاوازو چاوی كز بێت, چەندە گۆچانەكەی باریك بێت.چڵە زمیتوونەكان دەستی چەندە سەوزو زۆر بن, خۆشەویستی و بەرگی پیرۆزی براهمایی دادی نادات و دەبێت بچێتە بەر دادگاییكردنی سستەمی زاڵمانەی كاستاتی هیندۆسی, پەیكەرەكەی لە حەرەمی زانكۆی غانا لادرا, بەهۆی ئەوەی ناوبراو بە ئەفریقیەكانی وتووە دواكەوتوون. لە بالتیمۆری هەرێمی ماریلاندی ئەمەریكا خۆپیشاندەران پەیكەری كریستۆفەر كۆڵۆمبسیان شكاند و فڕێیان دایە ئۆقیانوسی ئەتەڵەسییەوە, كۆڵۆمبسێك ڕۆژئاوای كردە كەڵەگای جیهان, سەرچاوەی نیعمەت و خشڵ و زێڕو خاكی پان و بەرین و بەبەرەكەتی تازە دۆزراو بوو بۆیان, كەچی ئەمڕۆ پەیكەرەكان وەك شێرە بەفرینە لەبەردەم نەوەی كۆیلەكان دەتوێتەوەو بێریزی پێ دەكرێت, تەنانەت ئاڵای ئەمەریكاش سوتێنرا لە سەردەمی هێزی

یەکەمی ئەمەریکا دا. وێلسن سەرۆکی 28ەمینی ئەمەریکا, لە کاتی خۆی زۆرترین رێزو خۆشەویستی هەبوو, کەچی لە رێکەوتی 27-6-2020دا زانکۆی برینستۆن لە ولایەتی نیوجیرسی ئەمەریکا ناوی لەسەر بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەڵگیرا, بەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەرامبەر بە رەش پێستەکان. تاوانی راستیزم چەرچڵیشی گرتەوە, نە سەرکەوتنەکانی جەنگی جیهانی دووەم و نە نۆبڵی ئەدەبەکەی فریای نەکەوت, چونکە پشتیوانی داگیرکاری هیندستانی کردووە. لە شاری ئەنتۆرپنی بەلجیکاش پەیکەری لیبۆلدی دووەم لادرا, کە لە ساڵانی 1865 بۆ 1909 حوکمی وڵاتی کرد, چونکە لە نێوان ساڵانی 1885 بۆ 1909 زیاتر لە 10 بۆ 15 ملیۆن کۆنگۆیی لە ماوەی دەسەڵاتیدا کوژران, پەیکەرەکەی بە پەیکەری یاریزانێکی تۆپی پێی ناوداری شارەکە بەناوی تۆبی ئەلدرۆیلد گۆڕایەوە. کۆڵۆمبییەکان لە رێکەوتی 28-4-2021 پەیکەری سیباستیان دی بیلالکازار لە شاری سانتیاغو دی کالی , سێیەم گەورە شاری وڵات روخاند, کە بنیات نەری شارەکە بوو لە ساڵی 1536ی زاینی, وەك هێمایەك بۆ داگیرکاری ئیسپانەکان سەیر دەکرا. بەم شێوەیە لە زۆر وڵات وەك رمانی پولی دۆمینە, پەیکەرو ناوی لایەنگرانی سستەمی کۆیلایەتی و راسستەکان دارمان, هێشتا ناوێکی زۆری دی ماوە, بە چاوی سوکەوە سەیری رەش پێستەکانیان لە قالبی ئاینیدا کردووە, بچنە ئەو فەرهەنگە نەفرەتییەوە. هاوکات هەموو هێماکانی حکومەتی کۆنفدرالی باشوری ئەمەریکا لادران, چونکە دژ بە هەڵوەشاندنەوەی سستەمی کۆیلەدری بوون لە ساڵی 1861 دا, ئاڵای کۆنفدراڵی لە ولایەتەکانی باشور هەموو داگرتران. ئەمانە بە پراتیك نووسینەوەیەکی نوێی مرۆڤانەی مێژوو بوو, نەك وەك ئەوەی ترامپ وتی" وێران کردنی مێژوو". سەرۆکی فەڕەنساش دەستخۆشی لە تانەر ئەکچام مێژووناسی تورك کرد کە لە پەرتوکێکدا بە بەڵگەوە سەلماندویەتی دەوڵەتی عوسمانی فەرمانی دابوو بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان, ناوبراو لە پەرتوکەکەیدا فەرمان و بڕیارەکانی خەلافەتی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بڵاو کردەوە, وەك سەلماندنی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بە نەخشە لە لایەن دەوڵەتەوە. ئەم شێوە نووسینەوە مرۆڤانەیەی مێژوو دەبێتە رێبازو قوتابخانەی داهاتوو, نەك تەنها مێژووە دەستکردەکانی چینە باڵادەستەکان, بەڵکە تەواوی ئەفسانە پیرۆزەکانیش رادەماڵێت. ئێمەش رۆژێك دەبینە بەشێك لەو قوتابخانە مرۆییەی مێژوو, بۆیە چەندە زوو پێی بگەین, زووتر مێژوو رزگار دەکەین لە درۆ, تا مێژوو لە درۆ رزگار نەکەین ناتوانین بۆ پێشەوە بڕۆین, بە مێژووی درۆوە کە سیاسییەکان نووسیویانە, داهاتوومان نابێت, ئەم رزگارییە تەنها بە روتکردنەوەی سیاسییەکان دەبێت لە بەردەم ئاوێنەی دادوەری, بۆ ئەوەی وەك هەن نیشان بدرێن, نەك وەك ئەوەی خۆیان نمایش دەکەن. دەستەبرژێری سیاسی کورد لە مێژوو دەترسن, دەیانەوێت بە سەرکوتکردن بەرەو روی دەرخستنی راستییەکانی ببنەوە, بە یاداوەری نا راست خۆیان لە هەڵەو تاوان و پێشێلکارییە زەقەکانی رابردوو پاك بکەنەوە.

لەم روانگەیەوە وەك بەشێك لە خێزانی مرۆڤایەتی, دەتوانین مێژوویەکی نوێ بۆ کوردستان بنووسینەوە, لەسەر پایەی راستییەکانی رابردوو و مێژوو, لە سەرەتاوە بە دیدێکی مرۆیانە بڕوانینە کارو کردەوەی بزوێنەرانی ئەو مێژووە, کە خۆی لە ئەکتەرە چالاکەکانی کۆمەڵگا کە بە سەرکردە سیاسییەکان ناو نراون دەبینێتەوە, چۆن ولسن و کۆڵۆمبس و گاندی و چەرچڵ و فرانکۆو .... چۆن جارێکی دیکە لە دیدێکی مرۆڤانەتر لە رابردوو خوێنرانەوە, بزانین ئەم ئەکتەرانەی کوردیش پەپولە بوونە یان تاوانکار؟, لێرەوە دور لە رق و قینەو سۆز بۆی بچین, بە حەقیقەتی خۆیانەوە تەسلیم مێژوویان بکەین, کارەکانیان بخەینە بەردەم لێکۆڵینەوەی وردو پشکنینی یاسایی و روتیان بکەینەوە لەبەردەم ئاوێنەی رابردوو, تا ئەم راستیە دەرنەخەین, ئەوا مێژوو زوڵم لە قوربانیانیان دەکات, یاداشتە درۆیینەکانی ئەوان دەبنە راستی مێژوویی, پێویستە ناچار بکرێن بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە رابردوو قەبوڵ بکەن.

تاوان یەك پێوەری هەیە ئەویش دادوەرییە, بەو پێوەرە حەقیقەتی یاساییەکەی دیاریدەکرێت و دەپێورێت لە ئاستی جیهانی, ئەگەر سزاکانیش جیاواز بن, جیاوازی ناکات لە ناسنامەی بکەر لە

هەموو ڕووەکانەوە, گرنگ کەسی تۆمەتبار پاش ساغبونەوەی تۆمەتەکان لە سزا ڕزگاری نەبێت, لێرەدا دوو نموونە دێنمەوە, لەسەر نەبوونی جیاوازی لە نێوان پێگەی تۆمەتبار دەسەڵاتدار بێت یان ئۆپۆزسیۆن, تەنانەت ئەگەر دەسەڵات نەفرەت لێکراویش بێت بۆ وڵاتانی باڵادەستی جیهانی " هاشم تاجی سەرۆك پێشوی کۆسۆفۆ و سەرۆکی سوپای ڕزگاری کۆسۆفۆو سێ لە هاوڕێکانی, ڕابەرایەتی خەباتی چەکداری گەلی کۆسۆڤۆی کرد, بۆ گەیشتن بەوەی پێی گەیشتن, تۆمەتی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەرەو ڕویان کرایەوە, کە خۆی لە 100 تاوان دەبینێتەوە, لە نێوان ساڵانی 1998 و 1999 ئەنجامی داون, لە کوشتن, بێسەروشوێنکردن, چەوساندنەوەو ئەشکەنجەدان, لە 6ی نۆڤەمبەری 2020ەوە لە زیندانی دادگای تایبەت بە کۆسۆڤۆیە لە وڵاتی هۆڵەندا, چاوەڕوانی دادگاییکردنە, نموونەی دووەم لە ڕۆژی دووشەممە 18-5-2009 بەحر ئیدریس ئەبوقردە, سەرۆکی بەرەی بەرگری یەکگرتووی دارفۆر ئامادەی بەردەم دادگا بوو لە شاری لاهای هۆڵەندا, ناوبراو لەگەڵ دوو سەرکردەی دارفۆری دیکە کە لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە" ئای سی سی" تۆمەتبار کران بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ بە پەلاماردانی هێزەکانی ئاشتی پارێزی سەر بە یەکێتی ئافریکا لە دارفور لە ساڵی 2007, کە لەو پەلامارەدا 12 کەس لە هێزەکانی ئاشتی پارێز گیانیان بەختکردووە, لە تشرینی دووەمی ساڵی 2008, داواکاری گشتی لوریس مۆرینۆ ئۆکامبۆ بڕیاری دەستگیر کردنی سیان لە سەرکردە سەربازیەکانی دارفۆری دەرکرد بە تاوانی هێرشی ناوبراو, هێرشی بۆ سەر هێزەکانی ئاشتی پارێزیان بە تاوانی گەورە ناوزەد کرد, دواتر لە پرۆسەی دادگاییکردنەکە قردە بێ تاوان دەرچوو, ئازایانە چووە بەردەم دادگا", مەبەست لەم دوو نموونەیە جیاوازی نەکردە لە نێوان بەرهەڵستکاری و حکومەت لە سزای تاوان, لە هەردوو وڵاتەکە سەرۆك کۆمارەکانیان لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە تۆمەتبار کرابون" میلۆسۆفیج و عومەر بەشیر", کەچی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات وەك یەك مامەڵیان لەگەڵدا کراوە بەرامبەر بە گومانی تاوانەکان و دادپەروەری, کە جەنگ دەستی پێکرد, نەك دادپەروەری کۆتایی نایات, بەڵکە دادوەری چاوەکانی تیژتر دەبن, جەنگیش یاسای خۆی هەیە, دەبێت بە پێی یاساو پێوەرەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکرێت نەك یاسای جەنگەڵ.

پایەی دادپەروەری جیهانی

پایەی دادپەروەری جیهانی لەسەر سێ کۆڵەکە ڕاوەستاوە, ئەوانیش بریتین لە" دادپەروەری, ڕاستی, قەرەبووکردنەوە", دادپەروەری لە لێکۆڵینەوە لە هەموو تاوانەکان بێجیاوازی و لێپرسینەوە لە هەموو گومانلێکراوانی تاوانەکان لە دادگایەکی دادپەروەردا بێ چاوپۆشی لە کەس, کە مافەکانی هەردوولا پارێزراو بن بێ لاسەنگی, بە مەرجێك لە کۆتایی پرۆسەکە تاوانبار لە سزا ڕزگاری نەبێت. هەرچی ڕاستیەکانە, پێویستە قوربانیەکان و کەسوکارەکانیان و کۆمەڵگەش هەموو ڕاستیەکان سەبارەت بە تاوانەکان کە بەرامبەریان کراوە بزانن, هاوکات دەسەڵات پێویستە هەموو ڕاستیەکان و گوتەی هەموو لایەنەکانی تاوانەکان بە فەرمی لە کەناڵەکانی بڵاو بکاتەوە وەك ڕاستی دانیان پێدا بنێت, دان نەنان بە ڕاستیەکان وەك مۆتەکە وایە متمانە ناهێڵێت و حەقیقەتەکان دادەپۆشێت, کۆمەڵگا دەخاتە بواری نا جێگیرییەوە. لە کۆتادا قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و خێزانەکانیان لە ڕوی مادی و مەعنەویەوە بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوەی ژیانیان و لە بیر بردنەوەی تاوانەکان بەشێکی گرنگی پرۆسەکەیە, بێ قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی دادپەروەری لاسەنگ دەبێت.

دادپەروەری یەك پاکێجە لە جیهان, تاوانە گەورەکان یەك پێناسیان هەیە, لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی ناگۆڕێت, یەك پێوەری ستانداردی جیهانیان هەیە, کە پایەکەی لەسەر بنەماکانی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی و جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنامەی جنێف و مافی مرۆیی جیهانی ڕاوەستاوە, ئیبراز کردنی کۆمەڵکوژیەك و فەرامۆش کردنی دانەیەکی تر، بە پێی هێزو فاکتی بەرژەوەندی ئەو لایەن و دەوڵەتەی لە پشتی وەستاوە, پێچەوانەی دادپەروەرییە, هاوکات کارێکی نا ئەخلاقیشە, نموونە کورد و ئیگور لەمڕۆی جیهان.

## کولانەوەی برین

باسکردنی تاوانە زەقەکانی رابردووی کوردستان, بەشێك نییە لە کولاندنەوەی برین وەك لایەنگرانی تاوانکاران ئاماژەی پێدەدەن, برینەکەی ئەوان لە پێناو دەرباز بوونە لە سزا, باس نەکردن و رێگا گرتن لە باسکردنی تاك بە تاکی تاوانەکان و گەڕاندنەوەی دادپەروەری, بۆ خۆی بەشێکە لە تاوان و برینە راستەقینەکەیە, نەبوونی دادپەروەری برینێکی قوڵە لە جەستەی دەسەڵات, مرۆڤەکان لە کەرامەتدا یەکسانن باوەڕو پێگەی چینایەتی و پلەو پۆستیان هەرچیەك بێت, بۆیە پێویستە بێجیاوازی لە هەموو تاوانەکان رابردوو بکۆڵرێتەوە, کەرامەت بۆ قوربانیان بگەڕێنرێتەوە, دادپەروەری دژ بە ئاشتەوایی نییە, بەڵکە ئەوە ئاشتەواوی کۆمەڵایەتییە بێ دادپەروەر نایاتە دی, نرخی مرۆڤەکان و سزای تاوانەکان لەسەر بنچینەی ئینتمای سیاسی و ناوچەیی و حیزبی و عەشیرەتی دیاری ناکرێن, بەڵکە هەموو لەهەمبەر یاساو دادوەریدا دەبێت یەکسان بن, هیچ کەسێك لەوانەی لە تاوانەکاندا دەستیان هەبووە لە لێکۆڵینەوەکان بەدەر ناکرێن, بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پۆستی سیاسی و حیزبیەوە, رابردوو لەسەر شانۆی هەنووکەیە, تاوانەکان ناسڕێنەوە بەهۆی پۆست و پارێزبەندی سیاسیەوە, دەبێت دادپەروەری بۆ قوربانیان بگەڕێتەوە, هەر کەسێك و هەڵگری هەر ئاین و بیروباوەڕێکی سیاسی بێت قوربانی, حەرامیش نییە و بگرە ئەرکی چالاکوانانی مافی مرۆڤە بێجیاوازی لە نێوان بکەرەکان و پێگەی سیاسی و جەماوەری ئێستایان دۆسیەکان بجولێنن, لێ بەش بەش کردنی تاوان کارێکی نا ئەخلاقییە, نابێت هیچ لاپەڕەیەکی تاوانی رابردوو لە تاریکیدا بمێنێتەوە, لە کاتێکدا مێژووی 6 دەیەی رابردوومان تژییە لە تاوانی زەقی سیاسیەکان تا ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدیش لە هەندێك کاتدا, زیاتر لەوەی هاشم تاجی ئەنجامی دابوو, کارەساتی گەورە شاردنەوەی برینە بەناوی نەکولانەوە, وە درێژکردنەوەی تەمەنی برینەکانە تا ئاستی شێر پەنجە و مەرگ, تا ئاشتی لە گەڵ رابردو رانەگەیەنرێت, دوا رۆژ بنیات نانرێت, نابێت دادوەری لە ژێر دەسەڵاتی سەرکەوتووواندا بێت, سیاسەت رۆڵ ببینێت لە یەکلاکردنەوەی دادوەری بە قازانجی براوەکان, جیاکاری بکرێت لە نێوان کەیسەکان, دادوەری بە یەك دوورایی لە هەمووانەوە بێت, وەك یاسای نێو دەوڵەتی دیاریکردووە , تاوانە زەقەکان کات و شوێن نابێتە رێگر لەبەردەم داواکردنی سزادانی بڕیاردەران, بکەران و هاندەرانی, بەشدارانی.

دەسەڵاتی کوردستان, نایەوێت دەرگای هیچ لێپرسینەوەیەك لە رابردوو بکرێتەوە, بەناوی ئاشتەواییەوە, ئەمەش پێشێلی مافی قوربانیانە, پێویستە گوێ بۆ قوربانییەکان رابگرترێت, رۆشنبیری لێپرسینەوە پشتیوانی لێبکرێت, راستییەکانیان بۆ ئاشکرا بکرێت, قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە, تاوانباران لە سزا رزگاریان نەبێت. دیارە سستەمی دادوەری بەهێز نەبێت , تاوانکار لە سزا دەربازی دەبێت, تاوانەکان چەندە کۆن بن, گرنگە وەبیر بهێنرێنەوە , کۆمەڵگا ل گەڵ رابردوو ئاشت بکرێنەوە, ماف بۆ زۆرلێکراوان بگەڕێنرێتەوە, چونکە ئەگەر تاوانکار لە سزا رزگاری ببێت, ئەوا لە داهاتوودا بەردەوام دەستی بۆ تاوانی دیکە دەخورێت. مانەوەی برین و چارەسەرنەکردنی نەخۆشی, یانی بەرداوامیدان بە کولانەوەو پەروەردە کردنی میکرۆبی زیان بەخش لە جەستەی گەلدا, کەسی تاوانکار هەڵگری میکرۆب و ڤایرۆسی کوشندەی تاوانە, چونکە تا برین بوونی هەبێت لە جەستەدا کولانەوەش بەردەوام دەبێت, گوزارشتە لە نەخۆشی جەستە, جەستە بۆ خۆی برینی کوشندەی تێدا نەبێت, کولانەوە بوونی نابێت, کولانەوەو برین جوتەن, بێ یەکتری هەڵناکەن, باشترین رێگا چارەسەرکردنی برینە لە رێگای دادپەروەرییەوە, بوونی برین دەریدەخات مرۆڤەکە تەندروست نییەو توانای گەشەی نییەو بەرەو مەرگ دەڕوات, وە چارەسەری ئەمەش لای خەڵکی نییە, بەڵکە لای دادپەروەرییە, چەپڵە تاوان ناسڕێتەوە, تەنها دادوەرییە دەیسڕێتەوە, دورینەوەی دەمەکان و هەڕەشەی باس نەکردنی نەخۆشیەکە چارەسەر نییە, بەڵکەچارەسەر لای سزادانی ئەو کەسەیە تاوانی ئەنجامداوەو نەخۆشی تاوان لە جەستەیایەتی و هەڵگری ڤایرۆسی تاوانە, نابێت بوونی چەند تاوانکارێك ببێتە هۆی نەخۆشی گەلێك, باشترین چارەسەر بڕینەوەی نەخۆشیەکەیەو لە بنەڕەتەوە دەرهێنانێتی, کە خۆی لە دادگایی یاخود لە نەرمترین شێوەیدا لێبوردەیدا دەبینێتەوە.

لێبوردەییش لە نەرمترین شێوازیدا بێبەری نییە لەوەی تاوانکار وەك خۆی کە تاوانکارە نیشان بدرێت لە کۆمەڵگادا و دان بە راستیەکاندا بنێت و داوای لێبوردن بکات, لێبوردەیی لە نەرمترین شێوازیدا هەموو ئەم پرۆسانەی لە گەڵدایە, دان نان بە تاوان و داوای لێبوردنکردن و بڵاوکردنەوەی هەمووو راستیەکان. ئەگەر قوربانی ژیانی لێ سەندرابێتەوە, ئەگەر کەسوکارەکەی دادوەرییان بۆ نەگەڕابێتەوە, تاوانکار لە پێگەی تاوانبارییەوە دانی بەراستیەکاندا نەنابێت و داوای لێبوردنی نەکردبێت, ئەوە تاوانکار بەردەوام لەبەردەم چەقۆی گەڕاندنەوەی دادپەروەری و سزا داندا دەبێت, کە ئەمەش کەمترین هەنگاوە بنرێت, بە مردنیش ئەم تارماییە لە کۆڵی نابێتەوە, چونکە دادپەروەری هەر دەگات بە راستیەکان و لە مێژوودا وەك ئەوەی هەیە تۆمار دەکرێت, وێرای ئازاری ویژدان و دەرونی, تاوانکار خۆی دەزانێت چەپڵەی لایەنگرانی نەزان چەندە زۆر بێت, پیاهەڵدانی گەمژەکان تژی بێت و کۆمەڵگای داگرتبێت, هێزی زەبلاحی هەبێت, هژمۆنیای لە قوڵایی ئاسماندا بێت, نووسینەوەی یاداوەری درۆینە تاوان ناسڕیتەوە, بچوکە لە ئاست قوربانیەکی بێدەسەڵاتدا, بەردەوام تارمایی تاوانەکە راوی دەنێن, حەقیقەت بە دوای وەڵام نەدراوەکاندا دەگەڕێت, تەنها بە پیادەکردنی دادپەروەری و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و وەرگرتنی سزاو و قەربوکردنەوەی قوربانیان وکەسوکارەکانیان و دان نان بە هەقیقەت چ وەك چۆنیەتی تاوانەکە وە چ وەك حەقیقەتە یاساییەکە و داوای لێبوردن کردن لە قوربانیان و زیانلێکەتووان ئازارەکە سوك دەبێت نەك کۆتایی پێ بێت, کۆتایی هاتن نییە لە روی تۆماری مێژوو لە سیڤی کەسی تاوانباردا, تاوان هەقی بەسەر ئەوەوە نییە کێ ئەنجامی داوە, پێگەی چییە لە ئێستادا و چی دەکات لە داهاتوودا, بەڵکە هەقی بەسەر کردەوەکانی رابردووەوە هەیە, تاوان کاری رابردوون, وەلێ سزاکەیان کاری ئایندەیە, کەسێك ببێتە بکەری تاوان ئەوا تاوانبارە ئیتر هەر کێیەك بێت, لەگەڵ کردارەکەدا نازناوەکە هەڵدەگریت, نکۆڵیکردن لە تاوان و پیرۆز کردنی تاوانبار بۆخۆی بەشێکە لە تاوان.

دان نان بە راستیەکان و رزگار نەبوون لە سزا

سیاسیەکانی کوردستان ویستیان لە گەڵ دان نان بە راستییەکاندا نییە, نایانەوێت روت بنەوە, دان نانی ئەوان بە راستیەکانی رابردوودا ئەستەمە, نەخوازەلا داوالێبوردن کردن و ئامادەیی بەردەم دادگا, داوای لێبوردنکردن بەرپرسیارێتی ئەخلاقییە, ئەوان فێری نەبوونە, مرۆڤ کە داوای لێبوردن دەکات خۆی بە بەرپرس دەزانێت بۆ کارێکی نارەوا کە لە رابردوو ئەنجامی داوە, دان نانە بەو زیانانەی کە داوێتی, وە دەربڕی ئەوەیە لە داهاتوو دوبارەیان ناکاتەوە, کە نەیکرد یانی هەمووکات ئامادەیە بۆ دوبارە کردنەوەی ئەگەر هەلی بۆ رێك بکەوێت. بۆ ئەوەی لەگەڵ رابردوودا ئاشت بنەوە هەموو ئەوانە پێویستن, نابێت بەسەر هیچیا باز بدرێت, بە هیچ جۆرێك نابێت لێبوردن بۆ تاوانی تاوانە گەورەکان دەربچێت, دەریشبچێت یاسایی نییەو ناکۆکە لە گەڵ پرنسیبە جیهانیەکان, دەبێت دان بە یاسایی تاوانەکاندا بنرێت بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی. گەریلاکانی فارك لە کۆڵۆمبیا دانیان بە راستیەکاندا ناو داوای لێبوردنیان لە قوربانیەکانیان کرد, ئەوانیش لە چیاو لەناو جەنگەڵەکاندا بوون, راستیەکانیان دەرخست و ئامادەی قەرەبوکردنەوەشن.

هەنگاوی یەکەمی چەسپاندنی حوکمی یاسا لەهەر وڵاتێکدا سەرەتا بە دادگاییکردنی ئەمانە دەست پێ دەکات, نەك لە دەرەوەی دادوەری بن و هاوکات ئاڵای یاساخوازیش بەرز بکەنەوە, دادوەری ئاورتەیی تێدا نییە, کەس لە دەرەوەی بازنەکەی نییە, پارێزبەندی نادات بەکەس, خۆ هیتلەر لە وڵاتی فەیلەسوفاندا جەماوەریترین کەس بوو, بینۆتشەو سەدام حوسێن و فرانکۆ خەڵك سەرەتا دەیان ویستن, وڵاتەکانیان پێش خست, بەهانەیان بۆ تاوانەکانیان هەبوو " فرۆید دەڵێت "ئەگەر بێت و زۆر لە تاوانبار بکۆڵینەوە دەبینە لایەنگری، چونکە ستەمکار بیانویەکی بە دەستەوەیە بۆ تاوانکردن".نوسینەوی بیرەوەری و کورد و نامۆبوون بە مێژوو-دانا مەنمی ". غۆنتر غراس نۆبڵی وەرگرت, وەلێ لایەنگری لە نازی لە قۆناغی لاویدا لە بیر نەکرا. کەس ناتوانێت لەژێر پەردەی

حیزب و حکومەت و شەڕدا تاوانەکان خۆی بشارێتەوە, بە پێی پرنسیب و یاساکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و دادگا جیهانیەکان کەس تاوانبارە نەك حیزب و حکومەتەکان, بەرپرسیارێتی تاوان لە ئەستۆی تاکە, بۆیە کەس ناتوانێت لە ژێر ئەو پەردانە خۆی بشارێتەوە, لە دارفۆر عومەر بەشیر لە پاڵ ئەحمەد هارون وەزیری ناوخۆو عەلی محەمەد عەلی فەرماندەی جانجوید تاوانبارن نەك سودان و پارتی کۆنگرەی گەل, نموونە لەم بوارەدا زۆرن, هەموو کەیسەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەم پێوەرەن, بۆیە ئەوانەی لە رابردوو لە کوردستان تاوانیان ئەنجامداوە کەسەکانن نەك پارتەکان"بڕیار دەران, بانگەشەکەران و هاندەران"راگەیاندن کاران", جێبەجێکاران, بەشداران", دیاریکردنی ئەمانەش لە رێگای تۆمەت بەخشینەوە نابێت, بەڵکە لە رێگای لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەوە دەبێت, رێگریکردنیش لە دادگاییکردن ئەوەش بۆخۆی تاوانە, دادگاییکردن وەك کوشتنی بەزەیی وایە, ئازاری نەخۆش کەمدەکاتەوە, کەسی تاوانبار هەمیشە ئازاری دەروونی هەیە, پێویستە لە رێگای دادگاو سزاوە رزگار بکرێت لەو ئازارە دەرونییە, تا ئەمانە سزا نەدرێن لە دادگادا و قەربوی بنەماڵەی قوربانیان نەکرێتەوە, روفاتی قوربانیان نەدرێتەوە بە بنەماڵەکانیان, مۆنمێنتی یاداوەریان بۆ دروست نەکرێت, دادپەروەری ناگەڕێتەوەو برینەکانیش بێ چارەسەر هەر دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبن لە کولاندنەوەو ئازارەکان لە گەڵ تەمەندا دێن, روحی تاوانەکان هەمیشە وەك مۆتە بەسەریانەوەیە وەك تارمایی دەمێنێتەوە, کۆمەڵگاش بە دەم ئەم برینە ئەبەدیانەوە دەتلێتەوە.
بە پێی کات سزای تاوان و تاوانکار ناگۆڕێت, چونکە تاوانەکان ئەوانەی رویانداوە لە رابردوو و بەردەوامیشە, تا ئاستی تاوانە گەورە جیهانیەکان دەڕۆن, ئەوانەی لە خەمی نەکولاندنەوەی برینەکاندان پێویستە داوای زوو جێبەجێکردنی دادپەروەری بکەن نەك شاردنەوەی, دەبێت تاوانباران دان بە رابردووی خۆیاندا بنێن, دادپەروەری بۆ قوربانیان بگەڕێتەوە, بە رێگا گرتن لە دەربازبوون لە سزا, تا دادپەروەری نەگەڕێتەوە بۆ تاوانەکانی رابردوو, ناتوانین دوا رۆژی باشتر بەدی بێنین, تا یاسا نەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی تاوانکار و قوربانی, ئەوا ئاشتەوایی بەدی نایات, دادوەری دادپەروەر, دادوەرە لە نێوان قوربانی و تاوانکاردا, ئەوە سنوریان جیا دەکاتەوە, نەك پۆست و دەسەڵات و هێزو باوەڕی سیاسی, بێلایەنکردنی دادگاکان و داماڵینیان لە هەژموونی سیاسەت. کەڵتووری لێبوردەیی و دادپەروەری و بەهێزکردنی داواکاری گشتی هەنگاوی یەکەمە لەو بوارەدا, کەواتە با بەفلاش باکی گومانەوە بگەڕێنەوە بۆ دواوە, کۆمەڵگا لەو درم و ڤایرۆسە پاك بکەینەوە, کە بۆتە هۆی فێلکردن لە مێژوو, مێژووییەکی لەرزۆك, بە یەك هەناسەی جۆرج فلۆیدێك تەلاری هەڵتەکێت.

دۆسیەکان رابردوو هێشتا خوێنیان لێ دەتکێت

لە هەموو بارگرژییەك لە نێوان لایەنەکان وەك ئاگر بەردان لە پەرێز, دۆسیەکان رابردوو کڵپە دەسێنێتەوە, تاوانەکان زەق دەبنەوەو دێنەوە مەیدان, تارمایەکانیان بەردەوام بەسەر کۆمەڵگاوە دەبێت, وتەی هەموو لایەنەکانیش بەرامبەر نەیارەکانیان لە ژماردنی تاوانەکانیان لە راستیەوە نزیکەو حەقیقەتێك هەیە لە ئەنجامدانی, تا دادگا یەکلای دەکاتەوە, ئەوا هەر مۆتەکەی بە راستی دەمێنێتەوە, تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش زیاتر خەڵك لە ناوەڕۆکەکانی ئاگادار دەکاتەوە. هیچ بەهانەیەك بۆ هیچ کەسێك, لە ژێر هەر ئاڵایەکدا بێت نییە بۆ ئەنجامدانی تاوان, چونکە یاسا ودادپەروەری لەو چرکە ساتانە کۆتاییان نایات کە بەهانەی تاوان دێنە پێشەوە لە شەڕو ململانێی سیاسی, بەڵکە لەو چرکە ساتانە چاوەکانی تیژتر دەبن. لە هیچ بارودۆخێکدا مرۆڤەکان دەست کراوە نین بۆ ئەنجامدانی تاوان, ئەگەر هەڕەشەشی لەسەر بێت و لایەنی بەرامەریش پەلاماردەرو هەڵەو تاوانباریش بێت تا ئاستی خیانەت وەك خۆیان ئاماژەی پێ دەدەن, هەموو لایەنەکانی شەڕ دەبێت ڕێز لە یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بگرن, بە پێی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان مامەڵە بکەن, دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بە یەك ئاست لەبەرامبەر لێپرسینەودان, کە چویتە شاخ, یان چەکت بەناوی بزاڤی نەتەوایەتیەوە هەڵگرت, یان نەیارەکەت دڕندەو بێزلێکراو بوو لە ئاستی جیهانی, یان و یان رێگا بە تۆ نادات, لە دەرەوەی

پرنسیبەکان تاوانی قەرەقوشیانە ئەنجام بدەیت, لە کوشتنی دەرەوی دادگا, تیرۆر, ئەشکەنجە, کوشتنی دیل, ئەشکەنجە دانی هاوڵاتیان, بە بارمتەگرتنی هاووڵاتیان لە کاتی شەڕی ناو لادێ, شوێنبزرکردن, چەکدارکردنی منداڵان, ڕفاندن و کوشتنی هەڕەمەکی, نرخ دانەنان بۆ ژیانی مەدەنیەکان، هێرشی مەرگهێنەرانە لە ناوچەکانی دانیشتوان کە خەڵك تیایاندا کوژراون و بریندارکراون, کردنی وڵات بە نێوجەرگەی شەڕی وڵاتان, رێگا گرتن لە دەرباز بوونی خەڵك لە ناوچەکانی شەڕ, رێزنەگرتن لە سەروەت و سامانی خەڵکی, نە پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتیان و بێبەشکردنی مرۆڤ لە ئازادی وە سەپاندنی مەرج, ئەشکەنجەدان, چارەنوسی رفێنراو دیلەکان, هەڵسوکەوتی توندو پێشێلی کەرامەت, دو خستنەوەو زەبروزەنگی سێکسی, تیرۆری پەنابەران و تەسلیمکردنەوەیان, تیرۆری نەیارانی سیاسی و رۆژنامەنووسان و چالاکوانانی سڤیل........ لە رابردوودا هەموو ئەو جۆرە تاوانانە لە کوردستان ئەنجام دراون, هەموو قوربانیەکانیان پێویستیان بە دادپەروەری, راستی, قەرەبوو کردنەوە هەیە, هەموو قەرەبووکردنەوەیەکیش مۆنمێنت و یاداوەری وە بیرهێنانەوەی لە گەڵدایە.
تاوانەکان هێندە زۆرن دوای قۆناغی دادپەروەری وڵات دەبێتە وڵاتی یاداوەری و مۆنمێنت و وەبیرهێنانەوە. لە پشت ئامارە خەمبارەکانەوە رووناکیەك هەیە, ئەویش کردنەوەی دەرگاکەیە, هەرچەندە نایانەوێت ئەم دەرگایانە بکرێنەوە, وەلێ جیهان بەرەو ئەوە دەڕوات, ئەوان لە ڕووی کەلتووری سیاسییەوە لە جێی خۆیان نەجووڵاون وەك نەرێت, دەستەواژە رۆژئاواییەکان کاریگەری نەبووە لە سەریان, دەکرا دانپێدانانی ئاشکرا بە تاوانە ئەنجامدراوەکان و بە داوای لێبوردن کردن, تارمایی رابردوو لە ملی خۆیان بکەنەوە, وەلێ ئەوان لە روت بوونەوە زارەتروك بوونە.
ئەگەر چی ئەمانە نەك راستیەکان بڵاو ناکەنەوە, وە دەرگای دادوەریان لەبەردەم قوربانیان داخستووە, بگرە ئامادە نین بچوکترین هەنگاو کە دان نانە بە تاوانەکان و داوای لێبوردن کردنە بنێن. هیچ سیاسیەك و بەرپرسێك لە وتەیەکی نابەجێ و کردەیەکی بەدی رابرووی خۆی پەشیمان نییە و بەرپرسیارێتی هیچ دەرئەنجامێکی خراپیشی هەڵناگرێت کە لە رابردوو ئەنجامیان داوە, ئەوان وشیاری پەشیمانیان نییە, پەشیمانی و داوای لێبوردن کردن بە نەنگی دەزانن لە کاتێکدا لە روی بانگەشەی سیاسییەوە ئیدعای مەدەنیەت و حوکمی یاسا دەکەن, لە کاتێکدا پەشیمانی و داوای لێبوردنکردن ئەخلاق و بەرپرسیارێتییە نەك تەنها بەرامبەر رابردوو, بگرە بۆ داهاتووش, بۆ دوبارە نەبوونەوەی تاوانەکان. شەرمکردن لە تاوان و هەستکردن بە گوناح بەشێکن لە هەستکردن بە مرۆڤ بوون. ئەگەر تاوان وەك حەرامی کۆمەڵایەتی بکرێتە کلتور, ئیتر ئەم ملهوڕییە جێگایان لە کۆمەڵگادا نامێنێتەوە, دەبێت لەو قۆناغە دەرچین داوای لێبورد کردن کفری سیاسی بێت, دەبێت بکرێتە بەشێك لە سیاسەتی باو, کلتوری باو, سەردەمی پیرۆز ناساندنی دڕندەیی تۆقێنەر بەسەر چووە, ئاڵای دادپەروری و لێبوردەیی جێگای دڕندەیی گرتۆتەوە.

مێژوو پێویستی بە رزگارکردنە

دۆسیەکان رابردوو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو دادگای بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات و یەکلای بکاتەوە, هەر چووە پرۆسەی پشکنین و دادگاییەوە, دوای ساغبوونەوە و سەلماندن و بە بەڵگەکردنی رووداوەکان, ئەوا دەبێتە بەشێك لە مێژوو, ئەوجا پێویستە رووداوەکان بە بێلایەنی و زانستی لەسەر بنچینەی راستیەکان بنووسرێنەوە, بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەوەکانی داهاتوو ناچار نەبنەوە دەستکاری مێژوو بکەنەوە.
ئەوان بۆ نەمرکردن و جوانکردن و رەوایەتیدان بە خۆیان, هەموو مێژوویەکیان ساختە کردووە, یاداشتەکانیان پچڕ پچڕە, وێڕای بەسەرهاتی تاوانەکان, ناو, شوێن , ساڵ و رۆژی لە دایك بوون , خێڵ و عەشیرەت, هەموو بە پیرۆز دەزانن, دەست لێدانیان قەبوڵ ناکەن, بۆیە دەبێت هێما پیرۆزەکان هەڵتەکێنرێن و روت بکرێنەوە, هەموو مێژووەکان سەر لە نوێ بنووسرێنەوە, بەمەش هەندێك خراپ لە داهاتوودا باش دەبن, هەندێك باشیش خراپە بن, هەندێك ئازایەتی ئەمڕۆ سبەی

دەبنە تاوان, هەندێك ترسنۆكی ئەمڕۆش دەبنە چرای داهاتوو. کاتێك مێژوو و ڕەوایەتی لە دیلی ئایدۆلۆجیا و ئەفسانەی نەتەوایەتی و ئاینی رزگاریان دەبێت, ئەوکات پێویستمان بە مێژوویەکی نوێ دەبێت, بە ئازاد بوونی مێژوو لە کۆت و بەندی فەرمانڕەوایان و پیرۆزی و ئایدۆلۆژیا, ئیتر سەرتاپای ئەو مێژووە دەگۆڕێت. دەسەڵاتداران و پەیڕەوکەرانی ئایدۆلۆژیا و ئاینەکان بۆ بە پیرۆز کردنی مێژووەکەیان نووسیویانە, مێژوییەك قسە کردن لەسەری بۆتە کفر. ئێستا دەبێت مێژوو لە روانگەی بەها دادپەروەریەکان ئازاد بکرێت, مێژوو لە پیشەسازییەوە بکرێتە حەقیقەت, لە ویستی دەسەلاتداران و بەرژەوەندییانەوە بکرێتە نووسینەوەی راستییەکانی رابردوو. بنچینەی فەلسەفەی مێژوو بریتییە لە پشکنین و گەڕان بەدوای دوو وەڵامدا, کەی و چۆن رویاندا؟, کێ و لە کوێ ؟, چۆن و کێکانمان هەموو درۆن, مێژوو پڕە لە درۆی کەسانی تاوانبار و دزو ترسنۆك و بوغزاوی ئەژدیها ئاسای فێڵباز. مرۆڤ لەو رۆژەوەی لە دایك دەبێت مێژووەکەی دەست پێدەکات، بە چاك و خراپیەوە, نابێت کەرت کەرت بکرێن, مێژوو ئاوێنەی هەموو کردارەکانیەتی, بە ئارەزووی خۆی و هەواداران نانوسرێتەوە, بەڵکە کردارەکان وشەکان کە پێکهاتەی مێژووەکەن دیاریدەکەن, هاوکات مێژووی دوێنێ لەمرۆ جیاناکرێتەوە, هەموو پێکەوە یەکەیەکی دانەبڕاون, نابێت مێژوو پیرۆز نیشان بدرێت, دەبێت پیرۆزیی لێ وەربگرترێتەوە, تەنانەت پیرۆزی لە ئەفسانەکانیش وەربگرترێتەوە, رەوایەتی پێ بدرێت و تەسلیم بە راستیە زانستیە سەلماوەکان بکرێت, مێژوو ئاوێنەی ژیانی رابردووە.
کەواتە ئەوەی هەیە و نووسراوەو ناو نراوە مێژوو, حەقیقەتەکانی هەموو رێژەییەو لە گۆڕانە, ناتوانرێت راستیەکان تا کۆتایی بشاردرێنەوە, ئەگەر دەرگای راستیەکانی مێژووش داخرابێتن بە زەبرو ستەمکاری, لەودیو دەرگاکانەوە راستییەکان خۆیان رزگار دەکەن و سەردەردێنن.
نموونەکان چیمان فێر دەکەن

لە رێکەوتی 24-3ی 2021 یادی کودەتای ساڵی 1976 ی ئەرجەنتین کرایەوە, بە ناوی رۆژی راستی و دادپەروەری, بە ئەندازەی ژمارەی قوربانیان داریان چاند لە ژێر ناوی یادوەری دەچێنین, هەرچەندە قوربانیان لەم وڵاتە لە رابردوودا, بەشێك لە دادپەروەرییان بۆ گەڕاوەتەوە, وەلێ بەردەوامن لە بەزیندویی هێشتنەوەی یاداوەرییەکان, کەچی لە وڵاتی ئێمە نە دادپەروەری گەڕاوەتەوە, نە یاداوەریش رێپێدراوە, قوربانیان بەرەو روی سەرکوتی تیرۆری جەستەیی و مەعنەوی دەبنەوە, کەرامەتیان پارێزراو نییە, ناوێرن ئازادانە یادی قوربانیانیان بکەنەوە نەك داوای دادپەروەری بکەن.
دوای 44 ساڵ لە دەسەڵاتی دکتاتۆری فرانکۆ لە ئیسپانیا, تەرمی فرانکۆ لە گۆڕستانی تایبەتی فرانکۆییەکان لە دۆڵی لە شەهیدان بەناوی «فالی دی لوس کایدوس» دەرهێنراو لە دەرەوەی شاری مەدرید لە پاڵ کەسوکارەکەی لە گۆڕ نرایەوە, هاوکات مۆنمێنتەکانیان تێکدەدرێت, بانکی دی ئێن ئەی دروست دە کرێت, تەرمی قوربانی\یەکان دەردەهێنرێنەوە و دەناسرێنەوەو دەنێژرێنەوە بە مەراسیم, بە پێی ئامار زیاتر لە 110 هەزار قوربانی هەیە, گۆڕەکانیان دیار نین, هەروەها گۆڕستانەکەش دەگۆڕێت بۆ گۆڕستانی ئاسایی, هاوکات هەموو پەیکەرەکانی فرانکۆ لابردران, ناوی ئەو شوێنانەی بەناوییەوە بوون گۆڕان, سێشەممە رێکەوتی 23-2-2021 دوا پەیکەری فرانکۆ لە شاری ملیلیە شکێنرا و شوێنەوارەکەشی پاککرایەوەو تەعقیم کرا. جێگیری سەرۆك وەزیرانی ئیسپانی کارمن کالڤۆ وتی " دان پێنان, قەرەبوو, کەرامەت و دادپەروەری بۆ قوربانیان", هاوکات بڕیار وایە قوربانیان قەرەبوو بکرێنەوە. بەرامبەر بەم کارانە دیسانەوە راستڕەوەکان حکومەتی چەپیان بە کولاندنەوەی برینەکانی رابردوو تۆمەتبار کرد, لە کاتێك هیچ نەکراوە, بەشێك لە مافی قوربانیان بۆیان گەڕاوەتەوە.
مێژوو پڕە لە خوێن و کوشت و بڕ, زوحاك لە چاویانەوە فریشتەیە, زوحاکەکانی ئەمڕۆ زۆر زیاتر لە زوحاکە ئەفساناویەکانی رابردوو تاوانیان کردووە, لە بری ئەوەی ئەژدیها لەسەر شانیان

بڕوێت, خۆیان بونەتە ئەژدیهای حەوت سەرە. لە مێژووی نوێدا ئەژدیها ئەژدیهایە نەك پەری دەریا, کەواتە کار بکەین بۆ نووسینەوەی مێژوو لە بەر رۆشنایی دادوەری دادپەروەریدا, پێویستە پەری و ئەژدیها لەیەکتر جیابکەینەوە. پێش هەموو کارێك پێویستمان بەو جیاکردنەوەیە هەیە, پێویستمان بە دەستنیشانکردنی زاڵم و زوڵمەکان رابردوو هەیە, بۆ ئەوەی لە رێی ئەو زاڵم و ئەژدیهایانەوە نەبینە دێو, پێویستە زڵم و زوڵمەکان پێکەوە چەسپ بکەین, هەموو زوڵمەکان بلکێنینەوە بە زاڵماکەنەوە.

چۆن ئەمان لە دەرەوەی دادگایی روکەشدا ژیانیان لە قوربانیان سەندەوە, یان هۆکار بوون, ئێستا پێویستە کرادارو بڕیار و دادگاییەکان رابردوو دادگاییبکرێنەوە, تاوانەکان سەرلەنوێ بپشکنرێنەوە, پێویستە تاوانباران دوای دادگاییکردن و ساغبونەوە, هەموو ئیمتیازاتەکانیان وەك رێزلێنان و مەدالیا و و نازناوەکانیان لێ بسەنرێتەوە, ئەو مۆنمێنت و دەزگایانەی بە ناویانەوە کراوە, لێیان وەربگرترێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ حکومەت, لە گۆڕستانە تایبتیەکان دەربهێنرێنەوە, ناوی ئەو شوێنانەی بەناویانەوەیە بگۆردرێن بە ناوی قوربانیان, لە شوێنی پەیکەرو مۆنمێنت و مەرقەدەکانیان, یاداوەری قوربانیان دروست بکرێت, لەو سەروەت و سامانەی بە ناڕەوا پێکیانەوە ناوە, قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوە, تیرۆری جەستەیی و مەعنەوی قوربانیان و نکۆڵیکردن لە تاوانەکان وەك تاوان سەیر بکرێن و سزای بۆ دابندرێت, قوربانی و تاوانبار مەوقعیەتی خۆیان پێ بدرێت, کوردستان لە وڵاتی تاوانبارانەوە بگۆڕێت بۆ وڵاتی قوربانیان, واتا هەموو روت بکرێنەوە بۆ نوسینەوەی سەرلەنوێی مێژوو .